# پەرتووکی بەدرخانییەکان -  مالباتێکی خەباتکار
# " خوێندنەوە- هەڵسەنگاندن- شیکارێکی بابەتییانە"

ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر
مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنیات
زانکۆ سەلاحەددین / هەولێر

**دەستپێك :**

بنەماڵــەی بەدرخانییــەکان وەکــو بنەماڵەیــەکی خــەباتکارو تێکۆشــەر لــە مێــژووی بزاڤــی ڕزگاریخوازی کوردستان، ڕۆڵێکی کاراو هەرە چالاکییان بینیوە، جا چ لە بواری سیاسی بێت یا لـەبواری ڕۆشـنبیری. هـەر ئەمـەش وای کـردووە چـەندین نووسـین و بـاس و پـەرتووك و تەنانەت تێزی ماستەر نامەم و دوکتۆرا لە مەڕ چالاکییەکانیان بنووسرێت .

پـەرتووکی " **بەدرخانییـەکان – مالبـاتیکی خـەباتکار**"یـش لـە سـاڵی ٢٠٠٥ لـە لایـەن بـەرێز (یوسـف ئەحمـەد مـەنتك) نووسـراوە و لـە چاپخانەی منـارە بـە ڕووبـەری(٢١,٥سـم) درێـژی و (١٥سم) پانیو بە قەبارەی ١٢٨ لاپـەرە بە هاوکـاری کتیبخانـەی سـۆران لە هـەولێر بـە چاپ گەیـندراوە. جـا بـۆ ئـەوەی لـە ووردەکـاریو زانیارییـەکان نێـو ئـەو پەرتووکـە بگـەین، ئێمـە هاتووین خوێندومانەوەو شیکاری زانیارییەکانم کردووە، هەروەها پەنجەمان بۆ لایـەن بـاش و کرج و کاڵەکانی درێژکردووە، بۆ ئەوەی نووسەر لە چاپی دووەم هەوڵبدات بە گوێرەی توانا هەڵەکان چاك بکاتەوە. بەڵام بەپێویستی دەزانیین، کە بەرلەوەی بچینە ناوەڕۆکی بابەتەکەمان کورتەیەك لە ژیانی نووسەری ئەو پەرتووکە ئامارژە پێبکەین.

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

**یوسف مەنتك**، ناوی تەواوی یوسف ئەحمەد محەمەدە و ناسراوە بە یوسف مەنتك، لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامادەیی بازرگانییە لە ساڵی ١٩٨٧. ناوبراو ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بەریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان . دواتریش بە رێکخستنەکانی ئالای شۆرش. یوسف مەنتك لە کاری شانۆ رۆڵی کارای هەبووە و بەشداری چەندین شانوگەری کردووە. ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی دەستەی دامەزرینەری کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ بووە لە هەولێر. لە ساڵی ١٩٩٦ رووەدەکاتە هاندەران‌و لە ئەڵمانیا نیشتەجێ دەبێت‌و هەر لە وێشدا لە ٢٠٠٣/١٠/٤ دەبێتە یەکێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری ( ناوەندی زانین‌و رۆشنبیری کوردی – ئەلمانیا ) کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو ناوەندە خزمەتکردن بوو بە زمانی کوردی‌و بزوتنەوەی رۆشنبیری لە ناوچەی راین– نیکار بۆ ئاکنجیانی کوردی ئەو دەڤەرە. دواجار یوسف مەنتك ئیستا وەکو هاولاتییەکی ئەلمانی لەو ولاتە ژیان بەسەر دەبات‌و خەریکی کاری رۆژنامەگەری‌و خوێندنەوەو نووسینە[1].

---

[1] نامەیەکی تایبەت لە یوسف ئەحمەد مەنتك بۆ ئەحمەد حەمەئەمین.

## ناوەرۆکی پەرتووکەکە:

نووسەر ناوەرۆکی کتێبەکەی دابەشکردووە بۆ پێشەکی، نۆ دەور، ئەلبومی وێنەکانو لیستی سەرچاوەکان. بەلاّم دەبێت لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هەڵەیەکی چاپی تیایە کاتێك دەبینین دووجار دەوری پێنجەم نووسراوە. بەڵێ بۆ ئەوەی بچینە وردەکاری ناوەرۆکی پەرتووکە ئەوە دەور دەور لەسەری دەوەستینو باسی زانیارییەکان دەکەین. بەلاّم دەبێت ئەوەش بلێین، کە ئەمانەی باسی دەکەین ئەوانەی لە لایەنە چاکەکانی ئەو پەرتووکە کەم ناکاتەوە کە جێگای خۆی لە کتێبخانەی کوردی کردۆتەوە.

### یەکەم

لەلاپەرە(١١) نووسەر لە پەراوێزی یەکەم ئاماژە بۆ بیروڕای جیاواز دەکات دەربارەی مێژووی لە دایك بوونی میربەدرخان، لەوانە: بیروڕای عەبدوڕڕەحمان بەدرخانو بلەج شیرکۆ. گوایە" **عەبدوڕڕەحمان بەدرخان نووسیویەتی کاتی میربەدرخان وەفاتی کرد لە ساڵی ١٨٦٩ من تەمەنم ١٦ سالأن بو< واتە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان تەمەنی ١٦ سان بووە– ئەحمەد>** . **بلەج شیرکۆش وتوویەتی میربەدرخان کاتێك لە ساڵی ١٨٢١ دەسەلأتی گرتە دەست تەمەنی (١٨) ساڵ بووە**" . لێرەدا نووسەر کەوتۆتە هەڵە، کە ڕاستەوخۆ لەدوایی بیروڕای عەبدوڕڕەحمان بەدرخان وتویەتی واتا ساڵی ١٨٠٦ لە دایك بووە. چونکە عەبدوڕڕەحمان بەدرخان بە گویرەی نووسینکەی ناو پەرتووکە وتویەتی من تەمەنم ١٦ ساڵ بوو ، واتا باسی لە میربەدرخان نەکردووە. بەگوێرەی ئەوەی بلەج شیرکۆش میر ساڵی ١٨٠٣ لە دایك بووە. بۆیە لێرەدا دەتوانرێت بووتری، ئەوەی بلەج شیرکۆ لە ڕاستیدا نزیك ترە ئەگەر ئەوەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان مەبەستی ئەوەبێت میر بەدرخان تەمەنی ٦٦ ساڵ بووە کاتێك مردووە واتە ساڵی ١٨٦٩ ، ٦٦ ساڵی لێدەرکە دەبێتە ساڵی ١٨٠٣، بەمەرجێك ئەوەی کە نووسراوە ١٦ هەڵەی چاپ بێت واتە ٦٦ بێت.

### دووەم:

هەر لە لاپەرە(١١) نووسەر باسی لە هەلوێستی میرانی باشووری کوردستان کردووە بەرانبەر بە هاوپەیمانەتیان لەگەڵ میر بەدرخانو بەستنی پەیمانی پیرۆز، ئەوە بەم شێوە نییە کە باسی کردووەو وتویەتی :" **بەلأم لە میرانی کوردستانی باشوور بەشدارنەبوون پێ دەچێ**

**بەهۆی کاریگەری ئێران بوبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا. بۆ لای خۆی ڕاکێشابن. بوونی شەڕ لە ناوچەکەو ڕووخانی میرنشینی سۆران ١٨٣٦ – ڕووخانی میرنشینی بادینان ١٨٤٧ لە ئەنجامی شەڕی گەورە زۆرینەری گوندو ماڵی هاوڵاتیانی کورد لە باشوور سوتینرا. بووە هۆی پەرش و بڵاوی و پچڕانی میرانی باشوور لە میرانی بۆتان".**

١– سەرەتا دەبێت بزانین لە ناو هەموو میرانی باشووری تەنیا ناوی میری ئەردەلان هاتووە ئەویش ڕەنگە حکومەتی قاجاری لە ئێران هانی دابێت بۆ دژایەتی عوسمانییەکان نەك وەکو ئەوەی نووسەر نووسیویەتی.

٢– میرنشینی بادینان لە ساڵی ١٨٤٢ رووخاووە نەك ١٨٤٧.

٣– هۆکارێکی دیکەش بۆ بەشداری نەکردنی بابان دەگەرێتەوە بۆ دووری ناوچەکە لە بۆتان[2].

٤– ئینجا دواخاڵ کە خۆشی ئاماژەی بۆ کردووە.

**سێیەم:**

لە لاپەرە ( ١٥) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوایی ڕووخانی میرنشینی بۆتان هەندێك خۆیان بەستەوە نەداوە و بەرگریان کردووە وەکو خان مەحموود ناوێك، نووسەر دەڵێت بەگری کرد تاوەکو ١٩ی ئەیلولی ١٨٧٤. ئەمەش ئەگەر تەماشا بکەین هەر هەمان مێژووەکە نووسەر خۆی لە لاپەرە ١٤ ئاماژە بۆ کردووە، گوایە بنەماڵەی بەدرخان خۆیان بە دەستەوە داوە لەم ڕێکەوتە ری بەردەوامی ئەمانە لە کوێ بووە ئەگەر بزانیین لە هەمان ڕێکەوت گیراون وەکو نووسەر ئاماژەی پێدەکات.

**چوارەم:**

سەبارەت بە دەرکردنی مەدالیای شەڕ لەلایەن سولتانی عوسمانی ئەوا ئەوەی نووسەر نووسیویەتی کە لەسەر مەدالیاکە لە رووی یەکەمی( رووی جەنگاوەران )، دووەمیان (قەڵای ئاروخ لەسەر چیا )نووسراوە. لێرەشدا نووسەر کەتۆتە هەڵەوە ئەگەر بزانیین ئەوە یەکەمیان هەڵەیە بەڵکو لەسەری نووسراوە ( مەدالیای کوردستان )[3].

---

[2] د. عەبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا" لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی"( لێکۆلینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسیدا) سلێمانی، ٢٠٠٤،ل ٣٩.

[3] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، وەرگێرانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، کوردستانی عێراق، ١٩٩١، ل ٤٣.

**پێنجەم**

لە لاپەرە (٣٠) ساڵح کوڕی عەبدوڵلاً خانە و برای میر بەدرخانە، کەچی لەلاپەرە( ٢١) کراوەتە کوڕی بەدرخان ، کە ئەمەش سەر لە خوێنەر تێکدەدات.

**شەشەم:**

لە لاپەرە(٥٣) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ :" **دوای سەرکەوتنی بریتانیا لە شەڕ هەوڵی جێگیربوونی خۆیدا لە کوردستان لە ساڵی ١٩١٩ میر جەلادەت و کامەران بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشا و فائیق تۆفیق چوون بۆ کوردستان ئەو کات فەرماندەی سیاسی میجەر نۆئیلی) لێبوو مەبەستی چوونەکەیان ئامادەکاریەکانی پەیمانی ( سیڤەر ) بوو کەمالیستەکان هەستیان بەم کارەکرد بۆیە هێزیان ڕەوانەی سەریان کردن ...**". لێرەدا نووسەر کەوتۆتە هەڵە کاتێك باسی چوونی مێجەر نوئێل بۆ باکووری کوردستان دەکات، لەگەڵ هاتنی ئەو زاتانەی بۆ هاتنە لای ئەو تێکەڵاوی دەکات کە بۆچی هاتوون. لەبەر ئەوەی ئاشکرایە نووسەر باس لە ساڵی ١٩١٩ دەکات، کە هێشتاکە پەیمانی سیڤەر لە دایك نەبوو بوو[4].

**حەوتەم:**

لە لاپەرە (٥٤) نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات میر جەلادەت دوایی شکست هێنانی شۆرشی ١٩٢٥ بە ناچاری گەرایەوە ئەڵمانیا، کەچی هەر خۆی لە لاپەرە( ٥٧) دەڵێت:" **دوای شکستی شۆرشی شێخ سەعید. کوردێکی زۆر خوێندەوار و رۆشنبیر ڕوویان لە سوریە و لبنان کردبوو. ئەو کاتەی میر جەلادەتیش لەوێ نیشتەجێبوو < مەبەستی سوریا و لوبنانە – ئەحمەد>...**" کە بەراستی ئەو زانیارییە جیاوازە سەر لە خوێنەر تێکدەدات.

**هەشتەم:**

لە لاپەرە(٥٧) نووسەر باس لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خویبوون دەکات گوایە لە ١٩٢٧/٢/٥ دامەزراوە. بەڵام لە راستیدا خۆیبوون لە تەشرینی یەکەمی ١٩٢٧ دامەزراوە.[5]

---

[4] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: سروه اسعد صابر، کوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل(١٩١٤-١٩٢٦) دراسة تاريخية وثائقية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.

[5] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن١٩٠٨-١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩، ص ٦٤.

**نۆیەم:**

لە لاپەرە(٥٩) نووسەر باس لە دوایی شکستهێنانی شۆڕش ئارارات دەکات و دەڵێ:" لە ئەنجامدا ڕاپەڕین شکستی هێنا، ئیحسان نوری پاشا و میر جەلادەت چوون بۆ ئێران. محەمەد شا پەهلەوی دەویست ئەوان لە کوردان دووربخاتەوە لە یەکێك لە ولأتان بەسەفیری ئێران دایبنێن ...). لێرەشدا نووسەر کەوتە هەڵەیەکی مێژووییەوە، ئەگەر بزانیین ئەو کاتە لە ئێران ڕەزا شا حکومڕانی دەکرد نەك محەمەد ڕەزاشای کوڕی[6].

**دەیەم:**

لە لاپەرە( ٧٤ ) ئەو ڕێزبەندی کەکردوویەتی دەربارەی زانیارییەکان کە لە ئەحمەد قەمەری وەریگرتووە بەهەڵە نووسیویەتی وا پێشانی خوێنەر نادات کە قسەی ئەو کەسەیە.

**یازدەهەم:**

لە لاپەرە(٨٠)دا باس لە خوێندنی ڕەوشەن بەدرخان دەکات کەچی لە هێك را بۆ باری گۆرانکاری جیهان دەچێت کە بەم شێوەیەیی نووسیووە: " ... ڕەوشەن خان لە قوتابخانەی "الشرقی " دەستی بە خوێندن کرد بە زمانی تورکی دوای گۆرانکارییەکانی جیهان لە ناوچەکە تورك ناچار لە شام چوونەدەرەوە ... ".کە پێم وایە هیچ پەیوەندییەکی بە سەر یەکەوە نییەو مەبەستی نووسەر بۆ خوێنەر دیار نییە.

**دوازدەهەم:**

لە لاپەرە (٨٢-٨٦) باس لە مردنو چالاکییەکانی ڕەوشەن خان دەکات کە دەبێت خۆی لە سەرەتا باسی چالاکییەکانی بکرێت ئینجا مردنی، نەك وەکو ئەوە نووسەر نووسویەتی بە تێکەڵاوی.

---

[6] بڕوانە: د. کمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد، ١٩٨٥.

**ئه نجام:**

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەو پەرتووکە کە لەسەر یەکێك لە بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان نووسراوە کە ڕۆڵی هەر کارایان بینیوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان جا چ لە بواری سیاسی بێت یاخود ڕۆشنبیری. ئەوا ئەو ئەو تێبینیانە دەخەینە روو کە پێویستە بۆ بە پێزکردنی پەرتووکەکە لەبەر چاو بگیرێت:

١- پێویستە نووسەر ئاگاداری لایەنی زمانەوانی بێت هەر هیچ نەبیت پێشانی پسپۆرێکی زمانەوانی بدات بۆ چاپی دووەمی.

٢- لایەنی خاڵبەندی فەرامۆش نەکات و بە پێی پێویست مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

٣- هەوڵبدات وێکبەستنەوە لە نێوان برگەکان دروست بکات بۆ ئەوەی لەبابەتەکەی دەرنەچێت.

٤- باشترە وشەکانی بەکاری هێناوە یەکیان بخات وەکو عوسمانی – عوسمانلی ... هتد.

٥- پێویستە هەڵە چنی چاپی باش بکرێن نەك وەکو ئەو هەموو هەڵە چاپەمەنیانەی کە تیایەتی لە ژماردن نایەت.

٦- پێویستە جارێکیتر بە ریز بەندی بەشەکانی دابرواتەوە و چاکیان بکاتەوە.

٧- پێویستە زیارت زانیارییەکانی پشت ئەستور بکات بە سەرچاوەی مێژووی ، مێژووی ڕەسەن.

٨- لایەنی هونەری چاپکردنەکەش زۆر پەرپووت و بێسەرووبەرە بەرە کە لە هەندێ لاپەرە فۆنتەکانی گۆڕاوە و قەبارەییان لە یەکدی جیاوازە کە پێم وایە ئەمە ئیشی چاپکارە.

٩- پێویست بوو چەند لاپەرەیەکیش لە بارەی عەبدوڕڕەحمان بەدرخانو چالاکییەکانی بنوسرێت.

١٠- پێویست بوو نووسەر پێناسەی ئەو کەسانەی بکردایە کە لە ناو پەرتووکە نامۆبوون وەك بنەماڵەی( عالی یونس).

١١- پێوستە ریزبەندی سەرچاوەکانی بە شێوەیەکی رێكوپێك و لەسەر ریزبەندی ئەلفو بێ ریز بکردایە.

١٢- پەرتووکەکە ناوی لێنراوە بابەتی ڕۆژنامەوانی کەچی ڕۆژنامەوانی نییە بەڵکو مێژووییە.

ئیتر ئەمانە ئاماژەمان بۆکردن ئەوا ئەوە سەرجەم ئەو تێبینییە تایبەتیانە بوون کە دەشێت نووسەر هەندێکیان پەیرەو بکات و هەندێکیان نەکات. بەڵام هەندێکیان پێویست و زەروورن، کە دەبێت بە هەند وەربگرین تا پەرتووکە سەنگێکی تری هەبێت. هەروەها دەبێت جارێکیتر ئەوەش بڵێم ئەو هەموو نووسین و قسە کردنە لە پایەی بەرزی ئەو پەرتووکەو هەوڵی نووسەر کەم ناکاتەوە کە من جارێکیتریش دەست خۆشی لێدەکەمو بە هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاترلە ناوبراو.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەزمانی کوردی:**

١- بلەچ شێرکۆ، کێشەی کورد، مێژینەو ئێستای کورد، وەرگێرانی: محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، کوردستانی عێراق، ١٩٩١.

٢- د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی‌دا" لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی"( لێکۆلینەوەیەکە لە بواری مێژووی سیاسی‌دا) سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣- نامەیەکی تایبەت لە یوسف ئەحمەد مەنتك بۆ ئەحمەد حەمەدئەمین.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

١- عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكردية في نصف قرن١٩٠٨- ١٩٥٨، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٩.

٢- سروه اسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل(١٩١٤-١٩٢٦) دراسة تاريخية وثائقية، الطبعة الاولى، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١.

٣- د. كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، بغداد، ١٩٨٥.